کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-4-2007 11:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ: بەڕێزان (مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی ڕێکخستن) ... ئستافی دەرنەچووی مەڵبەندی کفری

بابەت: یاداشت

بەریزان/ بێگومان بۆ خۆتان باش شارەزای مێژووی شاری کفرین، ولە سەردەمی نۆێش بەهەمان شێوە بەئاگان. شارەکەمان یەکێکە لە شارە دێرینەکان کوردستانی باشوور وسەردەمانی خۆی بەشاری وەزیران ناو براوە وخەڵکی ئەم شارە هەمیشە لە خزمەتی شۆرشە یەك لەدوای یەکاکانی گەلەکەمان بوونە ولە و مەیدانەشدا دەیان رۆلەی بەجەرگی بە خاکی کوردستان بەخشیوە هەمیشە لانکەی شارستانی ونیشتمان پەروەری و کوردایەتی بووە، بەدرێژایی مێژوو خەڵکی لیهاتوو بەتوانا وکەڵە پیاوی ناوداری تیادا هەڵکەوتووە لە بوارە جیاجیاکاندا هەمیشە ئەم شارە خاوەن دیرۆکە ومەڵبەندی بزوتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری و هونەری بووە، تا ئیستا ئەم شارە وەك پێویست ئاوری لی نەدراوەتەوە وکاری خزمەت گوزای وەك پێویست بۆ نەکراوە، خەڵکی شار بەگشتی زۆر دڵخۆش بوون بەوەی کە مەڵبەندیکی (ی. ن. ك) لەشارەکەیان دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بەشێك لە مەینەتیەکانیان کەم بکاتەوە، ولە خەمی کێشە وگرفتی رۆژانەی خە ڵك بکۆڵێتەوە دەنگ وکێشەو گرفت وکەمی کاری خزمەت گوزای کەم وکوریەکانی ئیدارەی شار بگەیەنێتە نێوەندەکان دەسەلات بەلام!! بەدەر لەبیر و بۆ چوونی ئێمە کەلەرابردوودا مونافسیان بووینە لەپرۆسەکانی هەڵبژاردن لە سنوری مەڵبەند ئێستا خەڵکی شار وئیمەش داوا دەکەین کە مەڵبەند بەگەورەی خۆی وبیر بکاتەوە سەرجەم کارو پرۆژە وبریارەکانی لەبەرژەوەندی باڵای (ی. ن. ك) ومیلەتەکەمان بێت. کە بەبیری سەردەمی تەکەتولات وئستاف گەری نەخشەی بۆ بەرنامەکانیان نەکێشن، راستیەکی حاشا هەڵنەگرە جەماوەری کفری بەگشتی لەو کارانەمان رازی نین. حەقیش وایە بۆ داهاتوو کار بۆ گیرانەوەی جەماوەرە زویرەمان بکەین بۆ ئەوەی لە دەوری بەرنامەی یەکیتی کۆببنەوە، ئەوە بۆچەند رۆژێکە دەچێت دەنگۆی دانانی قائیمقامی کفری لە ئارادایە، ئەم شارە وەك باسمان کرد لە رابردودا، بەشاری وەزیران ناسراوە رێژی دانشتوانی بەگشتی لە (150) هەزار کەس زیاترە دەبێت، چۆن دەبێت ئەو دەنگانە خەفە بکرێت وگوێیان لی نەگیریت کە لە ماوەی چەند رۆژی رابردودا سەرجەم چین وتوێژە جیاجیاکان وکۆمەلە و رێکخراوە مەدەنیەکان رۆشنبیران وخەڵك بەگشتی داوا دەکەن کە کەسێکی خەڵکی شار بکرێت بە قائیمقامی کفری، خەڵکی دەرەوەی شاریان پێ باش نی یە، ئیمەش وەك ئیستافی دەرنەچووی کۆمیتەکان ومەڵبەندی کفری بەشیك لەکادیرە دەرچووەکان کە رێژەمان 48% بووە لەهەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی ریکخستنەکان دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی جەماوەری شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری. لەوەی کەسێکی دڵسۆزو تێکۆشەری شاری کفری بکرێت بە قائیمقامی قەزای کفری بۆ ئەوەی زیاتر خەمی کێشە وگرفتی رۆژانەی هاولاتیانی بخوات وەزیاتر دڵسۆزی شارەکەی بێت، لەکوتادا داوا لەبەریزان بەرپرس وکارگێرانی مەڵبەندی کفری دەکەین. کەبەبیری کۆنی ئستافگەری کارنەکەن ئەگەر واش بیر دەکەنەوە خۆ لە ئستافەکەی خۆیان خەڵکی شارەزاو خاوەن بەروانامەی بەرز هەیە دەکرێت کاندیدی بکەن بۆ پۆستی قائیمقام، ئەگەر گوی لە ئێمە وسەرجەم خەڵکی کفری ناگیریت، هیواداریت وداوا دەکەین جارێکی تر رێز لە رای خەڵکی کفری بگیریت چونکە ئەوانن پشت وپەنای حکومەت و (ی. ن. ك) نن..

لەگەڵ رێزدا

ئستافی دەرنەچووی مەڵبەندی کفری

2007/4/20

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.